نێچیرڤان بارزانی: دەمانوێت هەرنادەی نوێتی هەرێم بە زووترین کات دەستپێبکات



لەبارەی مووچە و کێشەکانی هەرێم و بەغدا، نێچیرڤان بارزانی دەڵێت، پێی وایە لە ماوەیەکی نزیکدا کێشەی مووچە چارەسەر دەکرێت و لە گفتوگۆ بردەوامن. دەشڵێت، دەیانوێت هەرنادەی نوێتی هەرێم بە زووترین کات دەستپێبکات.

ئەمڕۆ دووشەممە ٢٥ـی ئابی ٢٠٢٥، نێچیرڤان بارزانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا وتی، هەرێم و بەغداد لە گفتوگۆیەکی چڕدان بە چارەسەری کێشەی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم، هیواشیخواست لەوبارەیەوە بگەنە چارەسەرێک.

وتیشی، کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولا بردەوامن و هەرێم هەوڵدەدات لە داهاتوویەکی نزیکدا کێشەی مووچە چارەسەربکرێت.

لە بارەی پەکەکەنانی حکومەت لە نێوان یەکێتی و پارتی وتیشی، گفتوگۆکانی نێوان هەردوو حزبەکە بردەوامە و هیچ وادەیەک بۆ پێکهێنانی حکومەت دیار نییە، بەڵام گفتوگۆی تەواو لە نێوانیاندا هەیە.